# یارمەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن Kela یان لەلایەن شارەوانی تۆ؟

**پێشکەشکردنی داواکاری بە Kela بۆ یارمەتی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی**

ئەگەر داهات و سامانی تۆ بەس نەبێت بۆ خەرج و مەخارجی سەرەکی ڕۆژانەت، وەک خواردەمەنی، دەرمان و کرێی خانووبەرە، دەتوانی داوای یارمەتی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی بکەیت لە Kela. وەک سوودەکانی دیکەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دێتە ئەژمار.

زانیاری زیاتر لە ناونیشانی www.kela.fi/social-assistance بەدەست بێنە. دەتونی پەیوەندی بکەی بە ژمارەی 020 634 2550 لەگەڵ خزمەتگوزاری مشتەری Kela. دەکرێ لەڕێگەی تەلەفون یان سەرهێڵ(ئۆنلاین) کاتی دیدار دەستنیشان بکەیت. بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر سەردانی www.kela.fi/appointments بکە.

**ئاراستەکردنی داواکاری یارمەتی کۆمەڵایەتی تەواوکەر و پێشگیرانە بۆ شارەوانی**

نووسینگەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی شارەوانی یارمەتی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی نادات. ئەگەر تێچوویەکی تایبەتیت هەیە کە یارمەتی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی لەخۆی ناگرێت، نووسینگەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی دەتوانێت، بەپێی بۆچوونی خۆی و لە دۆخی تایبەت، یارمەتی کۆمەڵایەتی تەواوکەر یان پێشگیرانە پێشکەش بە تۆ بکات.

ئەگەر، بەهۆی بارودۆخی هەنووکەیی، پێویستت بە پاڵپشتی بێت، شارەوانی دەتوانێت هەموو جۆرە خزمەتگوزاری بخاتە بەر دەستی تۆ.

بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر سەردانی ماڵپەڕی شارەوانی خۆت بکە یان پەیوەندی بکە بە نووسینگەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی.

**هەمیشە سەرەتا داواکاری خۆت پێشکەش بە Kela بکە**

1. دەبێ هەمیشە داواکاری کۆمەڵایەتی بنەڕەتی سەرەتا پێشکەش بە Kela بکەیت. نووسراوەی داواکاری و بەڵگەی پشتگیریکردن لە ڕێگەی بەشی خزمەتگوزاری ئۆنلاینی مشتەری Kela پێشکەش بکە بە ناونیشانی www.kela.fi/asiointi (بە زمانی فینلاندی) یان www.fpa.fi/etjanst (بە زمانی سویدی). تۆ دەتوانی داواکاری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بە نووسراوە یان بە زارەکی ئاراستە بکەیت.
2. پاش پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یارمەتی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی و هەموو بەڵگەی پاڵپشتی پێویست بە Kela، بە گشتی لەماوەی حەوت ڕۆژی کاری (دووشەممە- هەینی) وەڵامەکەت دەدرێتەوە.
3. دەتوانی لە داواکارییەکەی خۆتدا بنووسیت کە یارمەتی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی هەندێ تێچوو و خەرجی تۆ لەخۆ ناگرێت و بۆ ئەم بابەتانە داواکاری وەرگرتنی یارمەتی کۆمەڵایەتی تەواوکەر یان پێشگیرانەیت لە شارەوانی.
ئەم تێچوونانە لە بەشی «زانیاری تەواوکەری» داواکارییەکە ئاماژە بکە. هەروەها ئاماژە بکە بە هۆکاری پێشکەشکردنی داواکاری یارمەتی بۆ ئەم تێچوونانە. هەڵبەت دەتوانیت هاوکات داوا لە Kela بکەیت کە داواکاری تۆ و بەڵگەی پشتگیری پەیوەندیدار بەم تێچوو و خەرجیانە بۆ هەڵسەنگاندنیان بنێرێت بۆ شارەوانی.
4. ئەگەر Kela پێشووتر وەڵامی داواکاری یارمەتی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی تۆی داوەتەوە، دەتوانیت داواکاری تەواکەر یان پێشگیرانەی خۆت ڕاستەوخۆ ڕادەستی شارەوانی بکەیت.
5. تەنانەت ئەگەر داواکاری تۆ تەنیا پەیوەندی هەبێت بە یارمەتی تەواوکەر یان پێشگیرانە، دەبێ پێشووتر بۆ یارمەتی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی تۆ بڕیار دەرکرابێت.
6. Kela بەپێی بارودۆخی تۆ هاوکاری دەکات لەگەڵ بەڕیوەبەرایەتییەکانی شارەوانی.